باتمانەك تۆ وی قاوێ دەرئانییە

ب شازدە دەسکێ ئاگری کەلاندییە

قۆلێ خۆی ل عەبایێ دەرهانییە

لە پێشیێ سواران هاتو چۆییە

دەلێ کۆل مەلا حوسێن ناس دکردییە

ئەفرادی دەلۆ باشی دیار بەکرێ ناس دکردییە

دەلێ وابینە مێوانێ سەعیدکی تاهێرخانی مەسوسانی بعەینییە
ئەوان گاوێ زیافەتێ خۆ خواردییە
کۆل حوسێن لە دیوە خانێ کەسك و سۆری
سەعیدێ تاهیر خانی مەسوسانی خەلات دکردییە
قەستێ مالێ وەیوەد ئاغا دکردییە
وەیوەد ئاغا بەدووربینێ تەماشا دکردییە
چاوی بە تۆزێ پیێ دەواران دکەفتییە
گۆ: بخودێ ئەگە ئەوانە دوژمنی مەبن
گەورێ مە بۆ خۆژی ببەن تێراوان ناکات بتەمامییە
ئەگەر دۆست بن بخودێ کەمە سەرێ خۆرا
بۆ وان بکوژینەوە تێراوان ناکات بدروستییە
ئەوی پازدە بەرخی حەلك سەر بڕییە
باتمانەك تۆوی قاوەی حازر کردییە
بە شازدە دەسکێ ئاگری کولاندییە
تەغارە برنج ل جۆنییا بەکەچکان کوتاندییە
تەغارە ساوار بدەستارێ هێڕاندییە
قۆلێ خۆ ل عەبایێ درێژی کشاندییە
هێدی هێدی پێشیێ سواران لۆی وەحۆییە
سەعیدکێ تاهیر خانی مەسوسانی ناس دکردییە
ناوێ خودێ کەمە کۆل مەلا حوسێن ناس دکردییە
عەلی ئاغا باشی دیار بەکرێ ناس دکردییە
گۆ ئەوانە مێوانێ مەنە بعەینییە

گۆ: وەیوەد ئاغاب پەنجاو پێنج خولامی

کەسك و سۆری ل دیوەخانێ خەلات دکردییە

تورکەکێ لە ملێ کۆل مەلا حوسێنی بوو

وەیوەد ئاغا پێ خەلات دکردییە

وەیود ئاغا چاو ل تابوران گەراندییە

گۆ: گەلی ئەکابران وەختێ چاوێ من بشیرێ دکەفتییە

لمن وەرایە کورێ من ساغەو نەمردییە

ئەگەر دوژمنێ مەبن سەرێ خۆ بۆ وان بکوژینەوە

تێرا وان ناکات بدروستییە

ئەگەر دۆستێ مەبن سەرێ خۆ ژوان بکوژینەوەتێرا وان ناکات بتەمامییە

تەغارە ساوار بە دەستارێ لۆی هێراندییە

تەغارە برنج بدەستێ کچان لەناو جۆنیێ کوتاندییە

پازدە بەرخێ حلك لۆ وان سەر بڕییە

١٦ باتمانەك تۆوی قاوێ ب شازدە دەسکی ئاگر کولاندییە

قۆلێ خۆ ی ل عەبایێ کشاندییە

پێشیێ سواران دێوو دچییە

کۆر مەلا حوسێنی لۆ دناس کردییە

وەیوەد ئاغا لۆی دناس کردییە

سەعیدکێ تاهیر خانی لۆی دناس کردییە

عەلی ئاغێ دلۆ باشی دیار بەکرێ ناس کردییە

ئەو کردنە مێوانێ خۆ بعەینییە

زیافەتێ خۆ ژی دخواردییە

گۆ: ئەگە شەڕ بی شەڕ بەسە

گۆ: ئەگە دۆستینی بی دۆستینی بەسە

ئەمە (٢٥٥٥) مێرد تەمام بییە

×××××× ×××××× ××××××

ئەوان زوو لەگەڵ بەرێ سوبەینییە

دامە بەردەینە کۆنی مامێ شەمزین

گەیشتنە پێش کۆنان بەعەینییە

ئەوان بەردەنەکۆنێ مامێ شەمزین بعەینییە

ئەوان لۆی سوار دەبوو دخشمانە

گازی کردێ هانە نوری سەد جارا بمن هانە

هانە سەد جارا بەمن هانە

وەرن داکەونە وێ مەیدانە

داکو بزانن کێ بەرخەو کێ بەرانە

داکەونە وەرنە ئەو مەیدانە

بیتە هەڵگێڕان و داگێڕانە

گرژێنێ داری دار ڕمانە

تەرقێ دارێ دەمانچانە

وورشێ چەفیەو عەگالانە

رەقێنێ سۆل بزماری وان نوردیانە

وەرن برۆنە شەڕێ د شێرانە

لە مەیدانێ لبەر یەکدی دابوو دسندانە

مینا گو والێ هەوری د نیسانە

تۆز د غەیری ل عاسمانە

ئەرێ مامێ شەمزین بەپاشداوەچەرخییە

خۆ هەڵکێشا سەر رکێبێ د هەسپێ وۆ

رمەك داوەشاندە خۆش خۆش دکەلبێ وۆ

ئەوە رم لە پشتی نوری ئاغا دا کەتییە

لەلایێ دی بستەك و چار تپل دەرکەفتییە

نوری بسواری کوشت و هاوێتە د عەردییە

ئاگرێ جگەرێ گران ئالانییە

×××××× ×××××× ××××××

دیسان داکەفتنە وێ مەیدانە

بیتە هەڵگێڕان و داگێڕانە

گژێنی دارێ و دار ڕمانە

تەرقێ دارێ لۆی دەمانچانە

ورشێ چەفیەو لۆی عەگالانە

تەڕەقێنێ سۆل و بزمارێ لۆ وان نوردیانە

وەرن برۆننە شەڕێ دشێرانە

لەمەیدانێ لەبەر یەکو دوو بوونە د سندانە

مینا گۆل هەورێ د نیسانە

تۆزی د غەیری ل عاسمانە

ئەوە ئۆسمانێ عەلی خان بپاشدا وەچەرخییە

فرسەتێ پشتێ مامێ شەمزین لێ ستاندییە

رمەکا هاوێتێ خۆی لبەر رمێ وەسمان خلاس دکردییە

گۆ: داریٚ رمیٚ ملیٚ وەسمان دار رمیٚ کەمانییە

مامیٚ شەمزین هاتیە کن حوسیٚنی قاوە چییە

جوابیٚ ببەلەبۆ لۆی بۆزبەگییە

×××××× ×××××× ××××××

حوسیٚنی قاوەچی لەز کرو دلەزینی

نانی ل سەر پشتیٚ سیٚلان دهەزینی

لەبایێ بەزیٚ د خۆرینی

دوور و نزیك خۆ ب چیا کولك نصیببینی دگەینی

گازی کردیٚ عەبداله خودیٚ دلیٚ منی وا لییانە

ئەتو نوستیتی لەناو چیت و د فەردانە

حەیفە لۆ مامیٚ شەمزین کەفتیتە بەدەویٚ

رمیٚ وان چیکان و مەسووسانە

گازی کردیٚ حوسیٚنی قاوەچی دلیٚ منی وا دەبییە

مانا من زاوایێ هەفت رۆژانم نیو زاوامە

ماینیٚ فریٚدی هەرشایە، ماینیٚ ویٚ جوانییە

چ جارا فەن وحیلیٚ سواران نەدیتییە

×××××× ×××××× ××××××

بەلیٚ بینن بینن لۆی بەلیٚ بینن

بەلیٚ ماینی فەیریٚ بۆ من بینن

زینان لیکەن، تەنگان لیٚ بشدینن

گاوی فەیریٚ بۆزبەگ دەرئانییە

دەنگان لیٚکەن زینیان شداندییە

پیێ خۆ هاوێته سەر رکێبێ بعەینییه

لەئۆتراغا پشتا  زینێ دانیشتییه

ئەوان داژۆن و دلەزینن

لەهەورا زیێ لۆی دهێورینن

لەنشێویێ لۆی دتەرقینن

دەندەلێ بەیازی بن رکێبێ دترسینن

بەیاز هەستا ناکا نایەشینن

بەقوینه ڕمان نانی لەسەر سێلان دهەزینن

بایێ بەزێ لۆی دخوارینن

دوورو نزیك خۆ بەشەڕی دەگەینن

×××××× ×××××× ××××××

مامێ شەمزین هاته بەراییه

بۆزبەگ گازی کردێ ئەمرێ مامێ شەمزین

چ لەمامو برازاییێ خۆ ژی دکردییه

گۆ: مامۆ من نوری ل سوارێ دکوشتییه

حەیفێ جگەرێ گرانم لۆی ئالانییه

تۆلێ خشمانیم لەنوری ستاندییه

بەلێ سوارەك داکەفتبوو مەیدانێ ئەزناس نەکرد ئەو کییه

دگۆ: مامۆ ئەو سوار بەچ شکل و بە چ نیشانییه

گۆ: مامۆ یەکە سمبێل  سۆرەو تەتەرییه

ئێکا چاو کالەو چاوقورمزییه

دارەکا ڕمی ١٨ گەز لسەر ملی د دانییه

بخودێ کەمە بەحێلێماینێ خۆ لەبەر دەستی خلاس کردییە

دگۆ: مامۆ ئەو سوار وەسمانێ عەلی خانە

ئەو برازایێ لۆی  هەفت برایانە

ئەو برایێ لۆی هەفت خوشکانە

کۆچکێ وەسمان لۆی مەدرەسەیە

یەك یێ توجارانە یەك یێ فەقێیانە

یەك یێ صۆفی و مەلایانە

کرمانجە مێرخاسە لەبنە ماڵێ ئۆمەریانە

مرۆیەکا گەلەك د سەخییە

بەنانێ خۆ قوینێ دوازدە کوێخا گوندان دڕاندییە

گۆ: مامۆ دەبی تو شەڕەکێ لەگەڵ وەسمانی بکەی دمێردانییە

×××××× ×××××× ××××××

گازی کردێ وەسمان هانەسەد جار بەمن هانە

لەبۆ من داکەوە وێ مەیدانە

بزانین کێ بەرخین کێ بەرانە

بویتە هەڵگێڕان و داگێڕانە

گۆژێنی دارێ دار ڕ مانە

تەرقێ دارێ لۆی دەمانچانە

ورشێ چەفیەو لۆی عەگالانە

رەقێنێ سۆل بزمارێ وان نۆردیانە

وەرن بڕۆننە شەڕێ د شێرانە

لەمەیدانێ لەبەر ئێکو دوو دابوونە د سندانە

مینا گوالێ هەورێ دنیسانە

تۆز دغەیری لە عاسمانە

بەلێ چ بکەم غارێ وەسمانی بەپاشدا وەچەرخییە

فرسەتێ پشتێ بۆزبەگی لێ ستاندییە

ڕمەکا هاویتێ ل جوانیێ بنەوالا وەکردییە

سوارێ چیکان هاتنە بۆزبەگی بعەینییە

تۆپێ رمێ خۆ لەسەر سەرێ بۆزبەگی د دانییە

گۆ: سەباب کەس بۆزبەگی نەکوژی بێ ناموسییە

بلا بچی لۆ خۆی ماینەکی بینی داکو بکەین شەڕەکێ دمێردانییە

ماینێ بۆز بەگی لۆی جوانییە

چ جا فەن و حیلێ سواران نەدیتییە

بۆزبەگ گەڕاوە ناو کەماڵان بعەینییە

گۆ: مامێ شەمزین ماینەکێ لۆ من بینە بدروستییە

مامێ شەمزین بەلایێ عەبدیێ کوڕی کەلەش غەرزی لۆی دێوە چۆییە

گۆ: مامۆ ماینێ خۆ بینە بدە بۆزبەگییە

دگۆ بخودێ کەمە ماینێ

خۆ نادەمە بۆزبەگییە

ئەنگۆ دێنە کوشتنێ  من لەبن پییا سواری چیکان دەچم بعەینییە

گۆ: هەی گیدیێ کوڕی دگیدییە

کوڕێ کەلەش غەرزی جەلەوێ ماینێ خۆ د چەرخاندییە

لغارێ مامێ شەمزین کەفتە دوویە

ئەوا نهێل و د هەلاتییە

بەرێ خۆ دابوو بنێ چۆلێ د بەڕییە

گازی کردە حوسێنی قاوەچییە

جوابەکێ ببە لەبۆ حەیدەرییە

حوسێنی قاوەچی داژواو دلەزینی

ئەوە لەبایێ بەزێ نانی لەسەر پشتێ سلێ دهەزینی

لەبایێ بەزی دخوارینی

دوورو نزیك خۆ بەماڵێ حەیدەر ئاغا دەگەینی

قاوەچیێ حەیدەر ئاغا دپرسییە

گۆ: حەیدەر ئاغا کێوە چوویە

گۆ: بخودێ کەمە بەسەرەدانی رۆیشتییە

چویتە کن قازیێچەکمانی دیار بەکرییە

ئەرێ حوسێنی قاوەچی لۆی دهەڵگرتییە

لەکن قازی چەکمانی بەدەر کەفتییە

گازی کردێ:

حەیدەر ئاغا دلێ منی دالییانە

حەیفە لۆ مەتێ مامێ شەمزین بۆزبەگییە

کەفتە بەر دەوێ ڕمێ چیکان ومەسووسانە

هۆ دێ قازی چەکمانی سەرایێ دیار بەکرێ

لەسەر کورسی دانیشتییە لنگ لێ بەردانە

قازی سەگمان هاتە بەراییە

گۆ: کوڕێ من وەرە دانیشە لەماڵانە

گۆ: بناوێ خودێ کەمە گۆ: ئێمنی کەربووتییە

هەتا قازی چوو بەدەستی حوسێنی قاوەچییە

هەر دوو گوییێ قازی چەکمان د گرتییە

شازدە تۆبزی حەوێزی، قازی چەکمانی دهێخستییە

ژنێ قازی هات گۆ: کوڕێ منۆ بەس لەقازی بدە

سەبەبێ وی لێدانێ بزانم لەسەر چییە

×××××× ×××××× ××××××

حەیدەر ئاغاو حوسێنی قاوە چییە

لەزکردن و لۆی لەزاندییە

خۆیان بەمەیدانێ شەڕی گەیاندییە

مامێ شەمزین هاتە بەراییە

دگۆ: مامۆ تو چ لە نامیس و برازاییێ خۆ دکردییە

گۆ: نوری هەر بەسواری دکوشتییە

حیفێ جگەرێ گرانم لۆی ئالانییە

مامێ شەمزین گۆتە حەیدەر ئاغا،

سوارەك دا دکەتە مەیدانێ مامێ توو بعەینییە

ئەمن ناس نەکر نە لە عەینا من بوو، ئەو سوار کییە

گۆ: مامۆ ئەو سوار بەچ شکل و بەچ نیشانییە

دگۆ: مامۆ یەکە سمبێل سۆرەو تەتەرییە

ئێکا چاو کالەو چاو قورمزییە

ئەسپیندارە ١٨ گەزی، ڕمێ وی لەسەر ملییە

داکەفتە مەیدانێ مامێ تو بەعەینییە

دارێ ڕمێ دەستی وی سواری، کرمانییە

بحێلیٚ لنگیٚ ماینیٚ خۆ، خۆم قوتار کردییە

×××××× ×××××× ××××××

دگۆ: مامۆ ئەو وەسمانی عەلی خانە

ئەوبراییٚ هەفت خوشکانە

برازاییٚ هەفت پلکانە

کۆچکیٚ وەسمانی مەدرەسەیە

یەك ییٚ توجاران، یەك ییٚ فەقێیانە

یەك ییٚ صۆفیانەو یەك ییٚ مەلایانە

کرمانجە مێرخاسە لەبنە ماڵیٚ ئۆمەریانە

مرۆیەکا گەلەك د سەخییە

بەنانیٚ خۆ، قوینیٚ دوازدە کوێخا گوندان دڕاندییە

گۆ: مامۆ دەبی ئەتو شەڕەکیٚ لەگەل وەسمانی بکەی دمێردانییە

حەیدەر ئاغا گازی کردیٚ:

وەسمان هانە سەد جار بەمن هانە

لۆمن داکەوە ویٚ مەیدانە

بزانین کیٚ بەرخین کیٚ بەرانە

دەلیٚ: ئێك دوو جار داکەفتنە دمەیدانە

بویتە هەڵگێڕان و داگێڕانە

گڕێنیٚ داریٚ دار ڕمانە

تەرقێنیٚ داریٚ دەمانچانە

ورشیٚ چەفیەو عەگالانە

ڕەقێنیٚ سۆل بزماری وان نوردیانە

وەرن برۆنە شەڕێ د شێرانە

لەبەرامبەر  ئێك و دوو دەبوونە دسندانە

مینا گولێ هەورێ دنیسانە

تۆز دغەیری عاسمانە

ئەرێ حەیدەر ئاغا بەپاشدا وەگەڕییە

کرمانجە مێرخاسە لەبنە مالێ ئۆمەریانە

مرۆیەکان گەلەك د سەخییە

بەنانێ خۆ، قوینێ دووازدە کوێخا گوندان دڕاندییە.

گۆ: مامۆ دەبی ئەتو شەڕەکێ لەگە وەسمانی بکەی د مێردانییە.

حەیدەر ئاغا گازی کردێ:

وەسمان هانە سەد جاران بەمن هانە

لۆمن داکەوە دێ مەیدانە

بزانین کی بەرخین کی بەرانە

دەلێ: ئێك دووجار داکەفتنە دمەیدانە.

بوویتە هەلگێڕان و داگێڕانە.

گژێنێ دارێ دار ڕمانە

تەرقێنێ دارێ دەمانجانە.

وەرشێ چەفیەو عەگالانە.

ڕەقێنێ سۆل بزماری وان نوردیانە

وەرن برۆننە شەڕێ د شێرانە

لەبەرامبەر ئێك و دوو دەبوونە د سندانە

هانە بەمن هانە بۆزبەگ، بۆزبەگێ پەڕی

خودانێ شاش و پەڕێ عەجەمی

تو خۆ ناگری لەبەر نەیارا دڕەڤی

گۆ: کوچك باب ئەز لەبەر نەیارا ناڕەڤم

تەش لەبەر نەیارا دڕەڤی

بۆزبەگ دەڵێ:

هانە سەد جارا بەمن هانە

لۆمن دابکەوە وێ مەیدانە

بزانین کێ بەرخین کێ بەرانە

مەیدان مەیدانێ مێرانە

بویتە هەڵگێڕان و داگێڕانە

گژێنێ دارێ دار ڕمانە

تەرقێ دارێ دەمانچانە

ورشێ چەفیەو عەگێلانە

رەقێنێ سۆل بزمارێ وان نوردیانە

وەرن بڕۆنە شەڕێ دشێرانە

لەبەر ئێك دوو دبوونە دسندانە

مینا گولێ هەرێ د نیسانە

تۆزو دومان بوو لەعاسمانە

دەڵێ: غارێ بۆزبەگی بەپاشدا وەچەرخییە

فرسەتێ پشتێ بۆزبەگێ لێ ستاندییە

رمەکا هاوێتێ کماخێ ماینێ دکەفتییە

لەلایێ دیکەی کماخێ ماینێ دەرکەفتییە

ئۆمك ماوە بێ مایین “ ب پیا دەییە

خۆ لبەر دەستێ بۆزبەگی خلاس دکردییە

کراسەکا ژنانی لەبەر خۆ، کردییە

بەرێ خۆ دابوو ماڵێ ئیسفێ قوباد بعەینییە

بەلێ ئیسفی قوباد ئاغا، دارێ دووربینێ لبەر چاوییە

چاوی بتۆزی پیاوەکێ دکەفتییە

وەکی هات دەدینی ئۆمکێ کۆلۆیە، بعەینییە

گازی کردێ: ئۆمك تو هاتیتی بوسلمان بی

گۆ: ئەز نەهاتیمە بێمە سەر دینێ بوسولمانان

بەلێ ناوێ خودێ کەمە بۆز بەگی کەماڵان،

چ حالێ من را نەهێشتییە

هاتیمە ماینەکێ بدەیەمن بعەینییە

ئیسفێ قوباد گۆ: بانگی کرد خولامان

ماینەکێ دەربینن، ماینەك

هینا گۆتی: ئۆمەك ماینت لۆ چییە

گۆتی: شەڕی مە لەگەل بۆزبەگییە

گۆتی: ئەمنتان پێ ناوێ

ئەگەر بێی ئێمە دەتکەین مەمنونییە

بەلاّم ئەنگۆ سوالێ مە نەکردییە

بەلێ پا دەبی هەربێین عەشیرەتییە

ماینەکیان لۆ ئۆمەکی دەرئانییە

پشت و بالا تەنگیان لێ شداندییە

××××××　　××××××　　××××××

دەلێ هاتن هاتن بەلێ هاتن

سوارێ ماڵێ ئیسفێ بەلێ هاتن

ئەوان سواران ٧٥٠ مێران تەمام بییە

ئەو برەگکێ لۆی داکەفتییە

غارەك حەیدەر ئاغا بۆزبەگ دڕواندییە

غارەك مامێ شەمزین بۆزبەگ دڕواندییە

غارەك ئیسف ئاغا بۆزبەگ دڕواندییە

غارەك مامێ عەسلان ئاغا بۆزبەگ دڕواندییە

غارەك حوسێنێ قاوەچی بۆزبەگ دڕواندییە

هەروەکی سنگەکا لەبەر ئاوی دا وەستاییە

بۆزبەگ لەبەر سوارێ ماڵێ ئیسف ئاغا سەکنییە

ئۆمەکێ کۆلۆ گازی کردێ

بۆزبەگ بۆزبەگێ زەری

خودانێ شاش پەرێ عەجەمی

لەبەر نەیاران دڕەڤی

وەرە داکەوە وێ مەیدانە

بزانین کێ پەرخین کێ بەرانە

بویتە هەڵگێڕان و داگێڕانە

کژێنێ دارێ دار ڕمانە

تەرقێ دارێ دەمانچانە

ورشێ چەفیەو عەگالانە

ڕەقێنیٚ سۆل بزماریٚ وان نوردیانە

وەرن بڕۆنن شەڕیٚ د شێرانە

دایان دەکوتا سەر یەك بەداڕمانە

مەیدان مەیدانیٚ د مێرانە

دەبوو حم حمیٚ فێرس و پاڵە وانانە

لەبەر ئیك دوو دەبوونە دسندانە

مینا گۆلیٚ هەوریٚ دنیسانە

تۆز د غەیری ل عاسمانە

غاریٚ بۆزبەگی بپاشدا وەچەرخییە

ماینیٚ بۆزبەگی لەبن بۆزبەگی بە تلییە

بۆزبەگ ماوە ب پیادەبییە

دەڵیٚ خۆی بەگەورەکیٚ گەیاندییە

×××××× ×××××× ××××××

هاتن هاتن بەلیٚ هاتن

سواریٚ ماڵیٚ ئیسفیٚ قوباد بەلیٚ هاتن

هەموو سواری بۆزی ب ریباتن

بەدەورانیٚ بۆزبەگی لۆی د وەرهاتن

بەشیریٚ کەرمانی سەریٚ پازدە عەگیـدان پەڕاندییـە

بەمەتالا حەیدەرانی بسەر ملیٚ چۆپی ئالاندییە

ئۆمکیٚ کۆلۆ داژوات و د لەزینی

سەباب قەرەبینە بەر تەنگیٚ ماینیٚ د دەرئینی

دوو کوچك قەرەبینا دابوو بەر قۆلنجیٚ سارد وگەرمی دەستینی

بۆز بەگی كوشت و هاوێتە د عەردییە

لەسەر لاشێ بۆزبەگی پەیا بییە

هەردوو دەستێ بۆزبەگی دبڕییە

دەستەك لبۆ دیێ عوسمانی عەلی خان هەناردییە

وەستەك لبۆ دیێ دەلۆ میرخانی لۆی هەناردییە

هاوار خانا دبێژین، ئەمێ خانین، خانێ دینین

ئەوان دەستان گەرمیان و كوێستانان پێ دگەڕینین

لەبەر كوچك و قوینا ورگێ خۆ د دانینین

ئاگرێ بەردە سێلێ زستانێ پێ دگەڕینین

لە مە وەرایە كوڕێ مە ساغن لۆی لۆی نەمردینە

×××××××× ×××××××× ×××××××

دەلێ گاوێ ئاگرێ شەڕی لۆی دگەرم بییە

هاتییە تەمر پاشایێ میری دمللییە

گازی كردێ:

مامێ شەمزین چاو بگەرینین بۆزبەگی لناو كەمالان دیار نییە

ئەو قەدیم و زەمان دۆستیێ بۆزبەگییە

گۆ: بناوێ خودێ كەمە بۆزبەگ بدەستێ

سواری چیكان هاتەكوشتن بعەینییە

تەمر پاشا لسەر لاشێ بۆزبەگی پیا بییە

بەردا كەلێ دۆمانێ د گرییە

مامێ شەمزین بەلایێ تەمر پاشا د وەچوویيە

گۆ: تەمر پاشا بناوێ خودێ دلێ منی وا لییانە

گیران پیشیێ دژنانه“ مردن لەبۆ دمێردانه

وەرە هەلینه حەیفیێ برایانه

گۆتی: تەمر پاشا، گۆتی بەلێ هەوە

مرۆ خەلکی بکوژی بەخۆی دێته کوشتنێ

×××××××　　××××××××　　×××××××

ئەمە بەو حالەی تاقەتیێ ئەو سەگبابانه مان نییه

دنیاو بنیا لەمە بویته سواریێ چیکانیان

وەرن دائەم هەر یەك گازی خۆش مێرو سوارچاکان

بکەن، یەك بەیەك داکەوینه مەیدانیێ

خۆش مێرو سوار چاك و برا گەورەیان بێته کوشتن

دارو دەست چیان پیێ ناکرێت، کی لا بشکێت

دەڕەون و خۆ لەمەیدانیێ ناگرن و هەلّدێن

گۆتیان باشه، تەمەر خان گۆتی: باشه

دانێن بزانم چاوا دادەنێن دانێن

مامیێ شەمزین گۆتی:ئەز گاز دەکەمە وەیوەد ئاغا

حەیدەر گۆتی:  ئیسفیێ قوباد ئاغای لۆ من بەجیێ بێلّن

ئیسف ئاغا گۆتی:  ئەز بانگ دەکەمە ئیسفیێ

برایمیێ عەسلان ئاغای گۆتی:

ئەز گاز دەکەمە سەعیدکیێ تاهر خانی مەسوسانی

حوسێنی قاوەچی: گازی کردە ئۆمکیێ کۆلۆ

حوسێن ئاغا: بانگی کردە کۆر مەلا حوسێنی

مەیدان چۆل دەکرا دوو بە دوو دادەکەفتنه مەیدانیێ

**خودا فرسەتی دابوو جەماعەتێ بۆزبەگی بەرامبەری**

**خۆیان هەموو کوشت، سەرکەفتن بەسەر عەشیرەتێ ئێدزدیان**

×××××× ×××××× ××××××

**مامێ شەمزین گازی کردێ:**

**هانە وەیوەد ئاغا سەد جارا بەمن هانە**

**لەبۆ من داکەوە وێ مەیدانە**

**بزانین کێ بەرخین کێ بەرانە**

**لەبۆ ئیکدی داکەفتنە مەیدانە**

**دەبوو هەڵگێڕان و داگێڕانە**

**کژێنێ دارێ دار ڕمانە**

**تەرقێ دارێ دەمانچانە**

**ورشێ چەفیەو عەگالانە**

**رەقێنێ سۆل بزماری وان نوردیانە**

**وەرن بڕۆننە شەڕی د شێرانە**

**خۆش دێ دەنگێ حم حمی ێد مێرانە**

**مەیدانێ مێران خۆش مەیدانە**

**لەبەر ئێك و دوو دابوونە دسندانە**

**تۆز دغەیری لە عاسمانە**

**مینا گوالێ هەوری دنیسانە**

**غارێ مامێ شەمزین بپاشدا وەچەرخییە**

**فرسەتێ پشتێ ل وەیوەد ئاغا ستاندییە**

**رمەکی هاویشتێ دەرزێ قۆلنجێ وەیوەد ئاغای گرتییە**

بستەك و چار تپل ل سینگێ وەیوەدی دەرهاتییە

لەسەر پشتێ ماینی کەفتە د عەردییە

مامێ شەمزین لەسەر کەلەشێ وەیوەدی حازر بییە

×××××× ×××××× ××××××

حەیدەر ئاغا گازی کردێ:

هانە ئیسفێ قوباد ئاغا سەد جارا بەمن هانە

لەبۆ من داکەوە وی مەیدانە

داکو بزانین کێ بەرخێن کێ بەرانە

لەب ئێك دی داکەفتنە وێ مەیدانە

دەبوو هەلگێران و داگێرانە

گژینێ دارێ دار ڕمانە

تەرقێ دارێ دەمانچە

لەورشێ چەفیەو عەگالانە

رەقێنێ سۆلەبزماری وان نوردیانە

وەرن بڕۆننە شەڕی دشێرانە

حەیدەر ئاغا ئیسفێ قوبادی کوشت

×××××× ×××××× ××××××

ئیسف ئاغا گازی کردێ:

ئەز ئیسفم توو ئیسفی

هانە سەدجارە ئیسف بەمن هانە

وەرە لەبۆ من داکەوە وێ مەیدانە

بزانین کێ بەرخێن کێ بەرانە

لەبۆ ئیکدی داکەفتنە ویَ مەیدانە

دەبوو هەڵگێڕان و داگێڕانە

گژێنیَ داری دار ڕمانە

تەرقیَ داریَ دەمانچانە

...................... هتد

ئسفیَ کەماڵان ئیسفیَ دیکەی کوشت

×××××× ×××××× ××××××

برامیَ عەسلان ئاغا گازی کردیَ

هۆ سەعیدکیَ تاهر خانی مەسوسانی

هانە سەد جارا بەمن هانە

لەب من داکەوە ویَ مەیدانە

بزانین کیَ بەرخین کیَ بەراتە

لەبۆ ئێك دوو داکەفتنە ویَ مەیدانە

دەبوو هەڵگێڕان و داگێڕانە

............................هتد

برایمیَ عەسلان ئاغای، سەعیدکیَ تاهر خانی مەسوسانی کوشت

×××××× ×××××× ××××××

حوسێنی قاوەچی گازی کردیَ: ئۆمکیَ کۆلۆ

هانە سەد جارابەمن هانە

وەرە داکەوە وی مەیدانە

...................... هتد

حوسێنی قاوەچی ئۆمکیَ کۆلۆی کوشت

حوسێن ئاغا بانگی کرده  کۆر مەلا حوسێنی

گۆتی:

ئەز حوسێنم تو حوسێنی

تو سەرێ فتنەو فەسادانی

هانە سەد جارا بەمن هانە

.........................

..................... هتد

حوسێن ئاغا کۆر مەلا حوسێنی کوشت

×××××× ×××××× ××××××

تەمر پاشا سەرۆکێ عەشیرەتێ مللییە

بانگی کردە سواران و قیڕاندییە

غاردانە سەر چیکیان بعەینییە

تێکڕا سوارێ چیکان د کوشتییە

کیسك و قۆدیێ جغاری وان لە عەردێ کەتییە

هەتا لئاوێ عەینەلخابویرێ گیر کردییە

ئەوان سوارێ خۆ لئاوێ قوتار کردییە

گۆتیان: وەیە سەد جارا بەمن وەیە

وەرن تەمبێیێ ئەولادێ خۆ بکەن،

هەتا هەفت ساڵی دیکە کەس نەچیتە سەر ماڵی کەمالان

نەکو بەخێرو شایی لۆی لۆی ناگەنە مالی خۆ

×××××× ×××××× ××××××

دگۆ: مامێ شەمزین چ کردییە

مەتیێ بۆربەگی لسەر چاردارا قایم کردییە

لەسەر ملێ زەلامان د دانییە

بماڵێ قیرێ کیان دا دچۆییە

ئەوان دۆلێ و زوڕنا دگێڕییە

دگۆ: زاوا گرت و هەفت برا زاوا خەساندییە

سەرپشکێ حێلێ بسەر سەرێ موتربان داکردییە

گۆ: سەباب لەوتان وەرایە بۆزبەگ هاتیتە کوشتنێ

ئەنگۆ کەیف و خۆشیتان د دانییە

تازیمانە تان لەبۆ بۆزبەگی رانەگرتییە

ئەوە ببەن لەبەر دەستێ خاتو زەینەبێ د دانییە

×××××× ×××××× ××××××

زەینەب خاتونێ دەڵێ:

باژۆ برا سەرایێ دیار بەکرێ من و تەرا بگەنمە

دێبلا خودێ خراپ بکا ماڵێ کۆر مەلا حوسێن و دەلۆ میرخانە

سمبێل و سینگێ بۆزبەگی قوباد ئاغا

لۆی لۆی لۆیخاراپ بوو لبەر داری ڕمان

×××××× ×××××× ××××××

ورێ بۆزبەگ برا سەرایێ دیار بەکرێ واب جەیە

بلا خودێ خراپ بکا ماڵی مەلا حوسێنی و دەلۆ میرخانە

سینگی بۆزبەگی برا خراپ کردن بداری قەرەبینا

ئەرێ بۆزبەگ برا عەبدالە خودێ دڵی منی یانە

برا خودێ خراپ بکا ماڵی کۆر مەلا حوسێن و دەلۆ میرخانە

ئەگەر لەمەیە ئەگەر لەوانە تەمام کری
بۆزبەگی قوباد ئاغا  وۆۆ وۆۆ

کۆتایی
١٩٩٨/٧/٢١

## بەیتی شێخی سەنعان و گوندی کەلەدێر

لەدێرزەمانـەوە کـەلادێر و سـەرکەور دەکەونـە سـەرئاوی زێـی بادینـان بەرامبـەر

گوندی چەمەکە. بازنە ئاسایی پێکەوە گرێدانی سنووری فەرمانڕەوایەتی میرانی سۆران و بادینان بوو، ڕێگای پەڕینەوەی کاروان چیانی و گۆڕینەوەی کەلوپەلی بازرگانی بووە لەگوندی کەلە دێریێ چاومان کەوت بەدەم ڕاست و دونیادیتەی گوند ئەمین حامد زبێر (لەدایك بووی ١٩٥٤، لەسەر زاری باب و باپیرانی چەند زانیاریمان لێ وەرگرت:

ئەحمەد بەگ و نەعمان بەگ ئامۆزای سمایل پاشای ئامێدی بوونە لەبەر دووبەرەکی و ناکۆکی خێزانی، ئامێدیان بەجێ هێشتووەو لەکەلا دێر ئاکنجی ببوون فەرمانڕەوای هەردوو ناوچەی سورچی و گۆرانەتیان دەگێرا.

هەروەها لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی میرانی جەزیرەی بۆتان، میر نادر بەدرخانی کەلا دێری دانیشتبوو حەکمی لەناوچە کەو دەورو بەری دەکرد.

بەدرخانیەکان لەگوندی کەلادێری لەشکرێکی گەورەیان ئامادە کردبوو دەسپێکی دەرچوونیان بوو، بۆ هێرش بردنە سەر ئێران. پەیوەندی خزمایەتی بەژنان لەنێوان میرانی کەلادێرو میران بەگی گوندی ئیفراز هەبوو.

(شێخ عەبدولقادری گەیلانی و شێخی سەنعان)

لەسەر زاری چەند تەمەندارێکی ناوچەی گۆرانەتی ـ بەردەڕەش ـ دەگێڕنەوە شێخ عەبدولقادری گەیلانی (خوا لێی رازی بێت).

لە ٤٧٠ – ٥٦٠ساڵی کۆچی ژیاوە لەشاری گەیلانی کوردستانی ڕۆژهەلات بەناو کوردستانی باشوور بەرەو شاری گەیلانی کەوتۆتە ڕێ بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیاریەکی تەواو لەسەر ئاینی ئیسلامی پیرۆز.

پێش دەرچوونی دایکی وەسیەتی کوڕی خۆی ـ شێخ عەبدولقادری کردبوو ((ئەوەی درۆبێت لەسەر زاری نەهێتە دەرێ)).

چل زێڕی پێدا بوو لەناو گۆپاڵە کلۆرەکە شاردبۆوە. گەیشتبووە حاویەی گوندی

بشيريان ئەو سەردەمەی هەموو دەحلەو دری و پیشی بووە، رێگایەكی بەناو دا دەرۆیشت، زاراوەی گوندی بشیریان ناوەكەی بەخۆیەوەیە: بیشی + ڕێ = بشیریان یان بیشیریان دانیشتوانی بۆتن، لەگوندی بیشریانی ناوچەی بۆتانی كوردستانی توركیا هاتوونە، لەگوندی بشیریانی ئێستا، لەگوندی بشیریانی پێشووی خۆیان لێ هاتبوون ناو نراوە.چەند دزێك لەناو بیشی رووت كردنی، بێ ئەوەی بیناسن، پێیان دەڵێن هەرچی لاتە پێمان بدە.

ئەویش دەڵێت: ٤٠ زێڕم پێیە.

دزەكان خێرا هەڵدەكوتنە سەری بەیرەو دەقی جلەكانی دەپشكنن هیچ نادۆزنەوە، پێی دەڵێن بۆ درۆمان لەگەڵ دەكەیت.

شێخ گوتی: ئەوە لەناو گۆپاڵەكەمە.

پەڕۆیان لەناو كلكی گۆپاڵی راكێشا چل شەنگەسوور ـ زەنگە زۆرە ـ لەناو كونی كلكی گۆپاڵەكە دەرهات بەسەرو گوێلاكی دزەكان وەر بوون ما پێیان وەبدات، بووە هاوار هاوارێ دزەكان، خۆیان هاویشتە راو بەختی شێخی.

دوای هێور بوونەوە، شێخ عەبدولقادری گەیلانی ئامۆژگاریەكەی دایكی بۆ گۆتن و خۆی ئاشكرا كرد، دزەكان لەسەر دەستی شێخی نازدار تۆبەیان وەرگرت و بوونە دەروێش و مورید شێخ.

شێخ لەئەشكەوتی نێوان كەلەكی یاسین ئاغاو گوندی بیشیریان چل رۆژان بەخواردنێكی كەم خەلوەی كێشا، ئێستا بەئەشكەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ناو دەبرێت.

ئینجا بەرەو بەغدا كەوتە رێ، دەنگوباسی شێخ لەناو بەغدا بلاّوبۆوە. شێخی سەنعان وئەولیاو پیاو چاكانی ناو شاری بەغدا كەوتنە مەترسی، نەكو دەستەلاّتیان لێ كەم بكاتەوە تەگبیریان كرد، كۆتكێكی لەداری پڕ ناو شیر كرد،

بردیان لەپێش شێخ عەبدولقادری گەیلانیان دانا، شێخ لێی راماو هزری کرد، ئەوە بێ حیکمەت نییە، یەکسەر چاوی خۆی لەسەر یەك داناو دەستی خۆی درێژ کرد، گوڵێکی لەناو باغی بەهەشتێ لێکردەوەو ئیرادەی خوای لەگەڵ دابوو۔ لەناو کۆتکە شیرەکەی داناو هەوێن بوو،

گوتی: شیر بەبێ هەوێن نامەیی ئەگەر ئێوە ئیماندارن منیش گولی ئیماندارانم بەپێی فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) هەر ١٠٠ ساڵ جارێك خوا یەکێك پەیدا دەکات بۆ نوێ کردنەوەی ئاینی ئیسلام و پاراستنی.

شێخ عەبدولقادر گوتی: وەکو دوعا کردن ((دێبرۆ بلا هەفت سالان پێی بەرازان لەسەرملت بێ وببیەگاوانێ بەرازان)).

شێخی سەنعان بەدوعا وەلأمی دایەوە وگوتی: ئینشاالله تەکیەی تۆ دەبیتەتەوێلەی ولأغان دوعای هەردووکیان لەسەر یەکدی خوای گەورە لێیانی قبوڵ کرد، شێخی سەنعان هەفت سالاّن لەکەلە دێری ببووە گاوانی بەرازان بۆ خاترێ چاوی (سەرتەم)ی کیژی قرالی.

ساڵی ١٣٩٣ تەیمور لەنگ سەرلەشکری مەغۆل رووی لەعێراق کردو بەغدای داگیرکرد، تەکیەی شێخی گەیلانی کردبووە تەوێلەی دەوارو ولأغان.

## بەیتی شێخی سەنعان

پەیدا ببووشێخەك سەنعانی
لەگـــەڵ ٥٠٠ سەد موریدانی
رێی لەمەکەولەبـــــەغدا بوو
لەدینێ خـــــۆ بەئاگابوو
ســـۆفی و دەروێش رادەوستن

حەلقێ زکرێ دادەبـــــەستن
شێخ لــــەناویان دەچـــــەقی
شـــــەیتان لەقەهران دەپەقی
دەورە لـــــەشێخی دەدەن
پەنا بۆخودای دەبــــەن
عـــــاشق دەبن بەعیبادەتێ
تاکو بگەنە جـــــەنەتێ
لەســــــەرزاریان ناوێ باری
نور لەناوچـــــەوانیان دەباری
قسەی پەندو حیکمەتی شیرین
بەپارەو زێری ناهێتە کــــڕین
میرو هەژاری خۆشدەویست
دونیاو پـــــارەی نەدەویست
ببووە رێبەرێ ئیمــــــانداران ئەوە چییە لەسەر سەرت
ئەوبەرگـــە چییە لەبەرت
شێخ گۆتی:
ئەوە شاشکە لەســــەرم
سەلتەو کەوێیە لەبـــەرم
فڕێ بدە ئەو شاشکێ خۆ
شەبقێ مە بکە سەرێ خۆ
ئەگەربچیتە ناو میللەتـان
لێیان فێربە عــــەدەتان

شێخ گۆتی:

نابی سەرتەمێ بەلەك چاوم
گـــەردەن درێژی بسك خاوم
سەدو حەفتاو پێنج ســـالم
پیرەكـــــالێکی بێ حالم
نوشێ ناکەم بوتلێ شەرابی
نابی سەد جاران بۆمن نابی
دەكـــەوم بێ ئاگا لەكۆلاّنان
دەبمە قەشمـــــەرێ مندالاّن
گریز لەدەم دێتە خـــوارێ
حەیام دەچێ بەیەك جارێ

سەرتەم گۆتی:

دەبی وەکو مە زنار ببەستی
بتێ نـــاو دێری بپەرستی
شێخ گۆتی بەڵێ باشـــــا
لەدینێ خۆدەکەم حـــاشا
خودان کەشف و کەرامەت بووم
دکتۆرێ نـــەخۆش و تاداران
دوعای لۆهەرکەسێ بکـــردبایە
دەهاتە جێ بەقودرەتێ خودایە
بەجێی هێشتبوو شارێ بەغدایە
رانەوەستا روی کــــردە چیایە

پێنج سـەد موریدی لەگەل دابوو

چـاوی کەفت بەشۆخێکی جوان

سەوداو عەقلی لەبۆ نەمـــان

چاو ڕەش و بـــرۆ قەیتانە

سینگ سپی مـــەمك فنجانە

سەرتەم بوو کیژێ قـــراڵی

دلێ شێخی لەبـــۆی دەناڵی

شێخ پەیابوو لەدێری مـــوغان

هەرسەمـــایەو مەی و فیغان

کیژکاســەی ئارەقیان دەگێڕا

موسولمانیان لەدین وەردەگێـــڕا

سەرتەم لەراست شێخی رادەوەستی

جامێ شـــەرابی دەداتە دەستی

شێخ نۆشی کـــرد بوو گرفتار

مـەست و سەرخۆش بوو بەیەکجار

رووی کردە لای کیژە ئەرمەنی

ویستی دەست باوێتە گـەردەنی

سەرتەم گوتی جارێ نابێ

چیت پـێ بلێم دەبێ وابێ

سەرتەم خان گۆتیە شێخی:

ئە................

چـــرای دینێ محەمەد بووم

هەمووم کرد بەفیدای چاوت

لەبۆ خـــاتری ٚدەنگ و ناوت

ســـەرتەم گۆتی هێشتامەیە

ماڵیٚ دنێم لێت دەعـــوایە

تاس و خـــــەناوکەو گۆبەرە

خـــرخاڵ و بازن و کەمەرە

زێڕیٚ بیست و چار عەیاربی

لەبەر چ کەسان نەکــــرابی

شێخ گـــــۆتی ئەز نەدارم

لەرێی جوانییٚ تو گرفتارم

چم نیە لێم چـــــانابی

تۆزلەقـــــوڕیٚ رانابی

لۆخـــاتریٚ کەلیم الله یە

پێم چانابی ئەو دەعـــوایە

سەرتەم گۆتی:

مادام نیتت ماڵیٚ دنیٚ

ســــــەد جاران های لمنیٚ

دەتکەمە گاوانــــیٚ بەرازان

دەشقەمیٚ دەگەینە مرازان

چ بەدڵ خۆشی چ بـــەدڵ ناخۆشی

شەرتیٚ مە هەفت ساڵان دەکێشی

من عەهد و پەیمـــــانت پیٚ دەدەمیٚ

ئەگەر تەمام کەی نەختی ٚسەرتەمیٚ

سەرتەم خانیٚ کیژیٚ قرالّی عەهدو پەیمانی بەشێخی دا پاش تەواو بوونی حەفت سال شەرتیٚ گاوانیٚ بەرازان، مێردی بکات. شێخ هەموو رۆژیٚ رەوییٚ بەرازای دەبردە زورگەکانی بەردەسۆری لە لەلوتکەی زورگەکان دەچەڕاند، لەکوردەواری خۆمان سەریٚ سەرتەی پیٚ دەگۆترێت، لەناوی سەرتەمی کیژیٚ قرالّی وەرگیراوە هێواران شێخ زۆر بەزەحمەت رەوییٚ بەرازانی کۆدەکردەوە، زێدە شکەت و ماندوو دەبوو هێواران تەپووکور لەسەرجێگای خۆی دەکەوت و ئاگای لەحەشتەبایەکی دونیای نەدەما.

سەرتەم خان زێدە زگی پیٚ دەسووتاو تەگبیرێکی بۆدانا، گوتییٚ: پیرەبەرازی گەورە لەکۆلکە دارەکی ببەستەوە، هێواران مەحلیٚ هێنانەوەیان دەست بدە قوتەدارەکیٚ و لێدە دەقۆڕێنیٚ لەبەر دەنگی قوڕانی رەوییٚ بەرازی هەمووی لەدەوری کۆدەبنەوە و بەئاسانی بەرەو مالٚ بیانهێنەوە، دەلیٚ:

بەرازان ببەسەریٚ سەرتەی
ماقۆرا مـــەزن گریٚ بدەی
ماقۆریٚ مەزن هەوسار بکە
قوتە داری لیٚ کـــــار بکە
مـــاقورا قوربیا رابهێلی
ئەوفەرخەیە خر کۆدیٚ وی
کودەلە هەموو خـــڕدەبنەوە
بەئاسانی لۆ مالٚ بیان هێنەوە
هەرلەدرین هـــەتا قامیش

هــەی لەوەرو چەڕیان و پیش

هـــــەموو کودێ ئەو بەرازان

چەند هەلێدەدا تـــــۆبزان

ماقۆرا مــەزن قۆریـا رابهێلی

بەئاسانی دەیانهێنیەوە کەلێ

دەروێـش و موریـدانی شـێخی سـەنعانی سـالی هــەفتێ لەبەغـدایێ بڕیاریــان دا بگەڕێنەوە لای شێخی خۆیان بزانن چی بەسەرهاتیەو سەرو دینــێ فەلـەو کـافران، دەلێن شێخ عەتار (عتا الله) بەخۆوبە سێ سەد دەروێش و موریدان لەشاری بەغدا دەرکەوتن بەرەو گوندی کەلەدێرێ، هاتبوونە گوندی بێلەکێ لەسەرەوەی گونـدی چـەمکەیە بەرامبــەر گـەویلانی سورچــیان لــەئاوی زێ نەپەڕیبوونــەوە دەڤــەری بادینان.

لەگۆڕەپانی سەرێ کەور ماویسی حەلقەی زکریان بەستبووە.

هەل بێلەکێ هەتا قەلـــــــەم

هـــــەل قەلەمێ هەتا بن گەر

لەبن گـــــەرێ تاکور مامویس

شێخ عەتا ئەمــریان پێ دەکا

لەسەرێ کــەوری کۆیان دەکا

حەلقەیان بەست موریدو دێوانە

دەستیان کـرد بەزکری مەننانە

حێـل ببێن دەنگێ ئـــــــەللایە

هێدی بکــەن دەر ئیللا ئەلایـــە

شێخ مایبتن کەشف و کەرامەت

راناوەستی هەتا ئێرە غاردەدات

وەختــی حەلقــەیزکریان بەســت زرینگـێن لــەگۆی شـێخی هــات غـرمێن لەهــەنای هەڵستا، خۆی پێڕانەگیرا بەرەو حەلقەی زکر کەفتە رێ،

سی ٚچـــــەرخی دا دۆران دۆران

لەدۆردەورێ دێــــــری مـوغان

خاتری لەســـــەرتەمێ خـواستییە

لۆ سەری ٚکەور مامویس بەزاندییە

گەیشتە ســـــەرزێی بادینان

هــــــاتەوەسەردین و ئیمان

گوتی: قوم بەئیزنی تو خودایە

قوم بەئیزنی تــــــو رەبییە

لەســـــــەرئاوێ زێ خڕ بییە

لەناوەندێ زکــــــرێ چەقییە

گوتی:

لۆ ناکەن زکـــــرێ بتەمامییە

بــــــەقایم بلێن زکرێ ئەللایە

لا اله الا الـلـه یه

مەوریدو دەروێش و دێوانــــــە

گۆتیان:

بەخێربێی شێخی ســـەنعانە

کەوتنە زکــــرێ مـــەننانە

یاکـــــەریم یادایم یارەحیمان

زكريان كێشا سێ سەعـــات
بێ راوەستان و ئیسراحـــەت
دێوانـــەو دەروێش و موریدان
کەفتنە عەردێ بێ سەرو زمان
ئەو سەرتەمێ بەسیدق و وەفا
عەقلی چویەو سەودای نەمـــا
لەکەلێ دێری دەرکــــەفتییە
لەمەجلیسی بابی حـــازر بییە
ســـەرتەم بەژۆرێ دەکەفتییە
رۆژباشی لەمەجلیسی دەکردییە
دبێ هـــــۆ بابۆ سەودام نییە
عەقلم چۆیـــــە بتەمامییە
لەبۆ پیرێ گـــــاوانێ مەیە
لۆم دەربینن هەپەکی جـــوانە
لێ بشدینن زین و مەعـــرەکانە
سوار ببم یــــەك دوو سەرانە
لەدۆر دەورێ دێری موغـــانە
لەمەیدانێ بکـــــەم قۆشمە
بێتە ســـــەرم بیرۆ هۆشمە
ئەشقا پیرێ جەرگامن بڕاندییە
ئـەز شێت بوویمە ئاگام لەخۆ نییە
چـــــەند ئەکابرو ئەوان قـــەشا

لەسەرتەمێ دەکەن حـــــاشا

گۆتیان: کچا خۆ ببەستە بقەیدانە

باوێ ناو حـــــەبس و زیندانە

تاکو حـــــاسل نەبیتن مرازی

نەگاتە پیرەگاوانێ بـــــەرازی

کافـــــر ئەمردەکاتە خولامانە

هـەسپەکی دەربینن لەتەوێل خانە

زیـن و لغاویان لێ شدانـــــدییە

کیژێ قـــــرالّی لێ سواربییە

جەلەوێ هەسپێی وەر چەرخاندییە

بـــــەدووی شێخی دکەفتییە

قرالّ دبێ:

ئەی دۆستینە و گـەلی خزمینە

سەرتەمێ هێلا گەنج و خەزێنە

گـــــاوانێ بەرازی بوێتن

بلابچیت مـــــەئەو نەوێتن

چەند موریدو ئەوان دێـــوانە

خڕببینەوە لەشێخی سـەنعانە

ئەتو هـــاتی کا کیژە دیانە

شێخ دبی:

وادێت دیـار دەکەویت ئەلئانە

سەرتەم دەهـــات دچۆییە

بدەوسێ شێخی درۆیشتییه
سەرتەم دیتی:
حەلقێ زکـــریان بەستابوو
شێخ لـــەناوەندێ وەستابوو
سەرێ کەور مامویس بەتاته
ســـەرتەم وادێت هاته هاته
گازی کـــردێ رۆحی بەدەنم
هاتم بەجێم هێشت وەتـــەنم
چیدیکەناکـــەم بت پەرستی
دێمه سەردینێ تـو بدروستی
ئەو سەرتـــەمێ بەلەك چاوه
لەئاوێ زێ ســــــەنگەراوه
شێخ ئەمری کرد:
وەره خـــــوارێ لرەخشی خۆ
جوان هەڵگره دەست نوێژێ خۆ
بلێ یاالله قـــــوم بەئیزنی تۆ
زێ دەبێته پرد بەســـــەری برۆ
سەرتەم رزگاربوو لەدوو بەندی
بەناله نال روو به گـــــــریان
پـــــــەڕییەوه لەزێی بادینان
سەرتەم چاوی بەشێخی کەفت
لەخـــــۆ چوو لەوێ کەفت

هــەردووك گیانیان لەدەست دا
هـــەلیان گرتبوو بردیانە بەغدا
حەفت سالٚ كردی شوانییٚ بەرازان
عـــــاشق چ جاران ناگەنە مرازان.

## رونكردنەوە:

دێری موغان = دەكەوێتە سەرگردێك لەهەنداو گوندی كەلەدێر لای باشـورییەوە، شـوێنەواری بەئاشـكرا دیارەهۆدەكـانی نهـۆمی سـەرەوەی كـاول بـووە، دەرگـای نهۆمی بنەوەی كەوتۆتە بن ئاخیٚ كەمێكی لێدیاربوو.

لەسەردەمی خۆیـدا پلـەو پایـەی موغـان بسـێیەم لـەدوای دێـری چـیای مـەقلوبی شێخان و دێری ئامێدی دەهاتە هەژماردن.

كـەلیٚ دێـریٚ: قەلاٚیـدێر قەلاٚیـەكی سروشـتییە، گردێكـی گـەورەو بلنـدە بـەهۆی رەنینـەوەی باوبـاران هەموولایـەكی بویتـە هـەرفت و هەلٚدێر ئەگـەر تـەیر بتـوانیٚ

سەربکەوێت تەنها رێگایەکی زۆر بەزەحمەتی هەیە بۆ بە سەرکەوتنی قەڵایەکە، هەمووکەس بەسەر بکەوێت گۆڕەپانەکەی سەرقەڵای بچووکترە:

بەیتی شێخە سەنعان: بەیتی ئەم دەقمە لەزار گوتنی (ئەمین حامد زبێر) وەرگرتووە نەخوێندەوارە دانیشتوی گوندی کەلەدێرە لەدایك بووی ١٩٥٤ وەکو دەقێکی فۆلکلۆری بەئەمانەتەوە نووسیمەوە لەگەڵ کەمێك دەستکاری کردن، لێرەو لەوێ باسی شێخی سەنعانی کراوە، بەڵام ناوەڕۆکی دەقەکان وەکو ئەو دەقی نەبوو، ئومێدەوارم سوودبەخش بێت خزمەتێکی کەمی فۆلکلۆری کوردیم کردبێت.

**پەراوێزەکان:**

١ـ گریز = لیکاو، لیك

٢ـ ماقۆر = پیرەبەرازی نێر

٣ـ بێلەك: قەڵەم، بن گەڕ، کەور مامویس: ناوی چەند گوندێکە دەکەونە دەورو بەری گوندی کەلەدێرێ.

٤ـ کەور مامویس: بەرامبەر گوندی کەلە دێرە بەدووری ٥کم دەکەوێتە سەر ئاوی زێ بەلای رۆژ هەلاتەوە.

## فەرهەنگۆکی داستانی کوردەواری

## داستانی قەڵای دمدم

**ئ**

ئاخرەت: قیامەت: دوارۆژ

ئاخفت: دوا قسەی کردەوە

ئاڤ: ئاو

ئاڤاکر: ئاوەدانی کرد

ئاوایی: ئاوەدانی

ئەزبەنی: گەورەم

ئەڤرۆ: ئەمڕۆ

ئەمین: دەست: پاك

ئەولیا: وەلی: ئیاوی: خواناس

ئورمیێ: ورمێ (رەزائیە) ناوی شارێکە لەئێران

ئێدی: ئەوجە

ئیرۆ: ئەمڕۆ

ئێکی: یەکێك

ئینا:هێنای

ئەرباب: زانا:لێزان:زیرەك

ئەنگۆ: ئێوە

ئوردی: سەربازگە

## ب

بەتاڵ مەکە: بەجێ مەهێڵە: واز نەهێنە

بیشی: لێرە: دارستان

بەر: روو

بەرکەفتی: موکوم: پڕبەها

بەڕی: بەڕییە: چۆلی

بەری:بەیرە: گیرفان

بلول: بلوێر: شمشال

بازیە: هەلاّتیە: غاریدا

بەرزە: بزر: ون بوو

بڤێت:بتەوێت

باژێر: شار

بشدینە: توندبکە: قایم گرێبدە

بعیدەت: بەرك: بەدەمار: بەرق و کینە

بر: بردی

بەڕەوان: بەرگری

بازیە: هەلاتیە

بتەرمێن: بتەرپێن: بیکوژن: بیتۆپێنن

بهێڵە: وازبێنە: جیٚ بهێلە

بچویك: بچووك: ساوا: زارۆك

برکێت: بەریٚ: کەوت

بەن ناوی: دارێکە لەچیای دەڕوێت (دارەبەن)

برینە: بردیتیان

بورج: روانگەی بەرز

بەدلەك: کۆمەك چینەك

بجەمینە: بانگ بکە

**پ**

پەز: مەڕ حەیوانی سپی

پالە: کاسبکار کرێکار

پەلکیٚ داریٚ: گەلای دار

پاقژ: خاوێن پاك

پڕ: تەژی

پەنگاندی: پڕی کرد، شداندی

پێکڤە: لەگەڵ یەك .پێکەوە

پەلەکا ئاگری: پۆلییٚ ئاگری ,سەرکە بزۆت

**ت**

تەخێرە: چ قەومایە چ بییە

تەژی: پڕ

تپل: تلی پەنجە ئەنگوست

تاعون: رشانەوە و چاوقلێچپیە نەخۆشیە کە

ترا: ترگار بادی جام

تەیر: باڵندە

تەکبیر: دانان

تاو دەنیٚ: هێرش کەنیٚ

**ج**

جغۆزی: هەلە پاسی

جهیٚ: شوێن

جێك: شوێن

جاحێڵ: گەنج لاو جحێل تۆلاز

جغزی: ئەو کەسەی ئیش و کاری سلاحی دەکات (چەقماچی)

جەمەد: شەختە

جەلالا: دۆل  کەند شیو

**چ**

چەك: سیلاح تڤەنگ

چش: هیچ چنە

چێکر: دروست کرد، دایمەزراند

چ قیاسە: چ قەدەرە، چەندە

چ کەت جێبەجیٚ دەکرێت، چی

**ح**

حەفت: هەفت، حەوت

حساب: خەرجی

حەیوان: ئاژەڵ

حوبر: مورەکەب

قسلێ: بەردەگێچ

حەوالێ: رەوانە بکە ن

حەشاندیە: تێیان کردیە: پڕیان کرد

حەلاندیە: تاواندنەوە

حەملی: باری هەیە: باری هەیە

خدام: خزمەتکار، خولام

خاریێ: ژێری، بنەوە

خەزێنە گەنجینە

خەلیل: برادەر، هەڤالێ، دۆست

خەریتە: نەخشە

خۆتێك بنیێ: خۆت ئامادە بکە

خلاس نابیت:قوتار نابیت

خالی: بەتال

خوینەك: خوێنداری

خیز: زیخ

خەبەر: دەنگ و باس. لەهەندە شوێن بە جوێن دێت کاتێ دەڵێن (خەبەری پێم گۆت) جوێنی پێم دا.

خودان: خاوەن

**د**

دەرفەتە: مەجالە، فرسەتە

دەعبا: دڕندە

دەڤ: دەم، دەو

دەبینی: دیتی

دامایی: ڕ امابوو

دۆت: دۆشی، مەڕەکەی دۆشی

دفن: کەپو. لووت

دستووریا، مۆڵەت، روخسەت، ئیزن

دەزووله: دەزی، داو

دشێت: دەتوانێت: پێدەوەستی

دنگە دنگ: بەردی گەورەگەورە

دنگ: ئامرازێکی کۆنی کوردەوارییە دانەوێڵە یان پێ دەکوتا وەکو (ساوار، بروش، گەنمە کوتا...) لەدوو بەردی گەورە دروست کرایە بەدەوار بەردی سەرەوە لەسەر بەردی بنەوە دەسوڕێنن.

دەرخینن: دەربینن، بهێنە دەرێ

دەوار: ولاغ، بەرەشماڵیش دەگوترێ

دشێن: دەتوانن، پێتان دەکرێت

دیاری: خەلات

دەرچکە: قادرمە، پێپلکە، دەرەج

دەر: دەرگا، دەو

دەرباز کر: تێپەراند، پەڕاندییەوە

دەرگەهێ کەلێ: دەرگای قەلا

داوۆ: دایکۆ، دادێ، دایکە

دەوێتن: دەیەوێت، گەرەکیەتی

دەخالەت: ڕاو وبەخت

دەبریقێت: بریقە دار، شەوق دەدات

ر

رێنجبەر: کرێکار، کاسبکار

رابوو: هەستا

رونشتن: دانیشتن

رحەتی: تەناهی

رێك: رێگا، ڕەهـ

روح: گیان

رەخت: خەریتە، فیشەك دان

ڕەڤی: هەڵات

رەعیەت: کۆمەڵ، جەماوەر

رەوالە: ئامادەیە

راکردییە: هەڵیگرتییە، بڵندی کردییە

ریسا: رووت

## ز

زللەیەك: شەقێك، چەلاق

زەلامەك: پیاوەك، مرۆیەك

زۆم: عێل و عوربان

زوزان: کوێستان، هاوینە هەوار

زەخمە: جوبەی مەلا لەبەر دەکەن

زڤڕاند: گەڕاندییەوە، گێڕایەوە

زاڤا: زاوا

زەخیرە: ئازووقە، خۆراك، خواردەمەنی

فیکا فیکا: فیقە فیقە، دەنگی زوڕنایە

## ژ

ژێك نەکا: جودا نەکە، لێکیان نەهاوێژە

ژمێژە: لەمێژە

## س

ستێنە: بستێنە، وەربگرە

ساندن: وەرگرتن

ساغ بت: لەخۆشی دابیت

سپێدێ: بەیانی، سوبانی

سلاڤ: سڵاو، سەلام

سوبەهی: بەیانی، سوبەینێ

سمتییە: بریتییە، کۆرتی کردیە

سەخلەت بن: توش دێن

سەهریج: بڕکێ ئاوێ، بڕکی ئاو

سەرەدان: مێوانداری

سۆتینە:سووتاندییە

ستۆلکا: ئەستۆ، مل

سەلالە: سەرەوە، سەردا

سێندیك: سێنی، قاپ

سولحان: ئاشتبوونەوە، پێکهاتن

سەحکەنێ: تەما شاکە، بنواڕە

## ش

شاهی: شاهینشاه

شۆل: ئیش، کار

شکێر: شاخ

شڵکە: رێژنە

شەڤێ: شەو

شین کردن: بەمورەکەبی رەشیان کردەوە

شۆڕکەن: درێژ بکەن

شەگ: بەوبەرخەنێرە دەڵێن کەدوو ساڵی تەواو کردییە ساڵێکی مایە ببێت بەبەران

شیانە: توانیویانە: پێوەستایانە

## ع

عاجز: خەمبار، دلبەخەم

عاسی: عەنگرایە

عەرزو عەیال:ماڵ و مندال

عاسمان: ئاسمان

عەزمان: زمان

عەسکەر: سەرباز

عیلم: زانست

عەسل: ئەسلی، رەسەن

عەمبار: کۆگا

**ف**

فراڤین: نان خواردنی نیوە رۆیان

فرفڕ: خڕ

فەقێ: سوختە

فەعل: رەوشت

**ڤ**

ڤەکر: کردییەوە، لێکردەوە

ڤێجا: ئەوجە، ئەیجە

ڤەکەن: بکەنەوە، والابکەن

**ق**

قەول: مەرج

قدر: رێز

قشە: قەشە (قص)

قەلەسە: رەزیل، چاونۆك

قالب: لەش، گیان، بەدەن

قەبیل: رازی، رەزامەند

قەومییە: رووداوە

قەبز: کێشان

قاقۆل: پەرچەم

قیڕییە: هاواری کردییە، قیڕاندییە

قولپی: چووە

قسویر: کەم و کوڕی، ناتەواو

**ك**

کراندییە: خواردوویەتی، خاردی

کەلەمەك: لقەدارێك، چلی دار

کۆتك: ئەو قاپی لەداری دروست دەکرێت

کیسك: کیسەی تووتن

کولاندیان، قورتەکی لێدا، هەلیکۆلایە

کێر: چەقۆ، کێرد

کۆللەك: پارچەیەك، گۆلەك، قانەك

کەلبێ: رەق، کینە دەمار

کەلیێ دمدمێ: قەلاَی دمدم

کویر: قۆر

کولنگ: ئاسنێکی سەر تیژە، دەستکی دارە بۆ هەلکولاّندنی شوێنی رەق و توند بەکار دێت

کیڤەچی: کێوە دەچی، بۆ کویێ دەڕۆی

کوللك: قنچکە، برین

کەڤر: کەور، شاخ

کسۆك: سەگ، سە، سپە

کر: کردییە، کردوویەتی

کۆك: جوان، شەنگ، شۆخ، قشت

کۆم: کۆمەلْ

کودەری: ناوی جۆرە قوماشێکە

**گ**

گەهشتە: گەیشتە، پێی گەیشت

گرێدا: بەستی

گازی: بانگ

گەماندییە: هێنای

گۆری: زمانی ئاگری

گەلەك: زێدە زۆر

گرتینە: گیراییە، دەستگیر

گۆ: گوتی

گیزا گیز: دەنگی لێکدانی خەنجەران لەکاتی شەڕ و پێکدادان

**ل**

لەزێکە: خێراکە، زووبە

لێسیار بییە: لێ سوار بوو

لوێندەرێ: لەو شوێنی، لەوڕاستی

لەعبەك: فێڵ، فەند

لەپ: دەست

**م**

مەسرەف: خەرجی

ماڵیێ: سەرمایە

مەزن: گەورە

مریشك: مامر

موحتاج: پێویست

مرن: مردن

مغار: ئەشکەوت

مەن: زاراوەیەکە، ناوی پیوانێکە لەکوردەواریدا دەگوترێ

مراریٚ: مرواری

میرات: کەلەپوور

مەلە کووت: مەلکەزەن، فریشتە

مەودایەك: ماوەیەك، بەینەك

مل: ئەستۆ، گەردەن

مەعنا: مانا، واتا

میر کیٚ: میر، میرکیٚ ئامێدییٚ

میسلی: موصل، شاری نەیناوا

مەحفیر: قالی، مافوور، کومبار

ماڵشتن: ماڵینەوە، پاك کردنەوە

**و**

وەم: ئێمە، ئەم

وەراندی: وەشاندی

وێکرا: تێکڕا، لەگەڵ یەك

وێری، لەوێندەریٚ

والە: خراپ کردن، پێکدادان

وەرسێنن: بتەقێنن، باوێن، بهاوێژن

وان:ئەوان، وەکەین: بکەینەوە، والاکەین

**ه**

ھ لۆ: ھەستە، رابە

ھەڕە: بڕۆ، ھەڕۆ

ھزر: بیر، ھۆش

ھۆسا: ئەوھا

ھنگۆ: ئێوە، ئەنگۆ

ھێلای: ھێشتیەوە، جێی ھێلا

هۆستا: وەستا

هەیام: ماوە، کات

هجوم: هێرش

هەلاندییا: بردوویەتی، لێیستاندییە

هەژاند: لەقاند، لڤاند

هەمیا: هەموویان، گشتیان

هەتاڤ: رۆژ، تیشکی هەتاو

هەریٚ: ئەریٚ

هەڕە: بڕۆ

هەرمەینە: هەر ئێمە ینە

هەوەل: یەکەم، ئەوەل

هلۆرە: خلۆرە، ناو بەتاڵ، بتەونییە

هاڤێت: هاویشت، تێی هەڵدا

hوین: ئەنگۆ، ئێوە

## ن

نك: كن، لا

نەوێریت: نەشێت، پێناوەستی، پێی ناکریٚ

ناڤ: ناو

نڕی: دەنگی شێر

نۆردی: چەند نانێك پێکەوە دەق کرابێت

نۆبەدار: چاودێر

نیڤەکە: ناوەڕاست، نیوەکەی

نخافت: شاردییەوە، داپۆشی

نهێله: نهوال

نازڤرمهوه: ناگهڕێمهوه

نۆکه: ئێستان، نهۆ

نمایه: نهماوه

نۆبهتا منه: دۆرێ منه، نۆرێ منه، گهڕێ منه

نهخشێ مه: پلانی ئێمه

# فهرههنگۆکی داستانی چهتۆ کوڕێ فهرحۆی

### ئ

ئهدا: جێبهجێ

ئێخسیر: ئهسیر، دهستبهسهر، بارمته

ئهمان: داد، هاوار

ئهختیار: پیر، کال، پیره مێرد

### ب

بێ: ئەسەر، بێ هۆ

بازێ: هەنگاو،شەقاو

بزەبر: بەخورتی، بەزۆرداری

بنیانەکەموکومە: لەخێزانێکی ناودار،خانەوادەیەکی بەرکەفتییە

بلند: بەرز

بلەزینن: زووکەن: خێرابن، لەزێ بکەن

بحێلێ وەزمانێ: بەهێزی دەواری

بانی: بەرزایی، ترۆپکە

برین: زام

برِەك: دەراوی ئاو

بەلاّ: کارەسات، نەخۆشی، بەهی

بتەمامی: بدروستی

بتاقی تەنێ: بەتەنیایی، بەتەنێ

بەژن: بالاّ، قامەت

بەحر: دەریا

بەڕی یە: دەشتایی

## پ

پەنجە: تپل، ئەنگوست، تلی

پشدێن: پشت بەند

پا: ئەی، چۆن

## ت

تنێ: تاك، تەنیا

تەعریف: ناونیشان، پێناسە

تەرم: مەیت، کەلەخ

نزار: بادی، ترگار، جام

تل: ئەنگوست

توخم: ڕەسەن، بەرەباب، تۆ

تەرش و تالان: لێستاندی  ماڵ و سامان و دەوڵەت بەزۆر داری

تەنگ: کەژی یە یان ئەو قایشەیە لەبن زگی ولاٚغ  دەبەستنەوەبۆ توندکردنی زین و مەعرەکەی دەوارەکە

تیرێ بنێ  بەڕیێ: بەو ناوچە دەشتاییە دەڵێن کە دەکەوێتە نێوان  سەنار تاکو سنووری سووریا

**ج**

جەمین: جەمەدانی دەسترۆك

جەماندیا: هێناویەتی، ئامادەی کردییە

جەم: کاتی نان خواردنان

جۆم: نەورایی

جەکمە: سۆل، پێلاو

**چ**

چیمەن: فریز، سەوزایی

چ گاڤەکێ: چ وەختێك

چتۆ: چاوا، چۆن

**ح**

حێجز: دڵتەنگ

حەوران: ناوی شارێکە لە سوریا

حوسێنی: زاراوەیەکە" ئیزدی بەوناوە بانگی موسڵمانان دەکەن

حسێب کرن: ژماردن

**خ**

خڕ: هەموو. گشتی

**د**

دبیژن: دەڵێن، دەیوت

دەرئانییا: دەری هێناوە

دفن: کەپوو، لووت

دختۆر: پزیشك، دکتۆر

دەلال: شۆخ، جوان، قشت، کۆك، شەنگ

دیلان: داوەت

دەعوا: داوا

دئارزی: دەحەنگرێ،دخەزری. وشەی خەزری واتا عەنگرا لەوپەندە کوردی یە وەرگیراوە دەڵێن (ئەگەر فەلە خەزری،نەچە سەری)

دەوڵەت: وڵات

دەوڵەت: ماڵ و سامان، دەوڵەت مەند مەڕومالاّت، لەهەندێ ناوچەی کوردستان کاتێ ماندی بوون لە شوان دەکەن پێی دەڵێن(بەدەوڵەت بی شوان)

**ر**

ریك: رێگا

رەڤی: رەوەی ولاّخان

رەڤینە: هەلاّتن، غاریاندا

رکێب: دوو ئاسنی چەماوەیە بەقەدەر ناوەندی پێی ئادەمیزادە بەزی و مەعرەگەی قایم کرایە تەنکێش یان بەهەردوو تەنیشتی ولاّخ شۆڕ دەبێتەوە بۆ سەرکەوتن و دابەزینی سەر پشتی ولاّخ بەکاردێت.

**س**

سوبەیە: بەیانی، سبەینی

سیفەت: رواڵەت

سەکنی: راوەستا، چەقی

سواڵکەر: دەرۆزەچی

سعێرت: ناوی شارێکە لەکوردستانی تورکیا.

سویك: بازاڕ

سیلەحێ: شەرەف، کەرامەت.

سەرحەد: سەرسنوور، سەرهەڤارد.

سەمت: رووکردن بەرەو شوێنێکی دیاریکراو.،

سەحەر: ئەوەل بانگی بەیان،سەرەتای دەستپێکردنی بانگی سبەینان

**ش**

شێوی بەیان: گەزەنگی بەیانی

شوبهە: شك، گومان

شەبتیا: سووتا

**ع**

عەنتاب ناوی شارێکە لە کوردستانی تورکیا.

عەفوکردن: لێبوردن

عەووەل: یەکەم، ئەووەل

عوربان: زۆم

عەمبار، کۆگا

عەوران: ناوی شارێکە لەسوریا

عەدلاندییا: راستی کردۆتەوە

عەرد: زەوی، خاك

عەجیب: سەرسام

عیل: زۆم، کۆمەڵە خێزانێکی کۆچەرایەتی

عوربان: کۆمەڵە رەشماڵێکی خاوەن مەروماڵات

**ك**

کەچك: کیژ، قیز، دۆت

کەرخ: شوێن، جێگا

کەلاندی: کولاّندی

کەزی: پەرچەم

کەنگی: کەی، چ کاتێك

کن: نك، لا

**گ**

گاڤەك، وەختەك، دەمەك

گرژن: دەنگی تەقەی دەمانچە

گاز: بانگ

گران: سەنگین

گاڤ: کات

**ل**

لجەم: لەکن، لەلا

لوێرێ، لەوێندەرێ

لناڤ: لەناو

لغولغولەی: لەبنەجقی، لەبنەڕەتی

لەتاوی غارێ: لەگورەی غاردانێ

**و**

وەخت: کات

وەزمان: ولاّغ، دەوار

**ه**

هەیڤ: مانگ

هەلاندییا: هەلیگرتییا

هوجوم: هێرش، پەلامار

هنداڤ: لەسەر

هەقار: زەوی وزار

هەزمان: ولاّخ، دەوار

هنگو: ئێوە، ئەنگۆ

ننیڤە: نیوە

ناس نەکردییا: نەیناسیوە.

نیوڕان: نیوەڕۆ، نیمەڕۆژ،نیوڕۆ

نك:کن، لا، پال

نزڤڕییە: نەگەڕایتەوە: نەهاتیتەوە.

ناوچەوان: ئەنی،نێچەوان.

**ی**

یەخسیر: دەستە سەر، دیل،بارمتە..